# به بۆنەی 27 مین ساڵیادی کیمیابارانی کوردەکان لەشاری سەردەشت

**سیروان ساڵحزادە**

سەدەی بیست سەدەی تراجیدیا گەورە ئینسانییەکان بوو، هاوکات سەردەمی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئاستی پێکهاتە فەرهەنگی و نەریتییەکان دا بوو. لەم سەردەمەدا شەپۆلەکانی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن وڵاتانی رۆژهەڵاتی گرتەوە و کێشە و ململانێی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نوێی هێنایە ئاراوە. تیوری مۆدێرنی "یەک وڵات - یەک نەتەوە" بوو بە هۆی سڕینەوەی ناسنامە و ناسێنەی نەتەوەیی کوردان، ئەو تیۆریە بوو بە هۆی ئەوەی سیمای فەرهەنگی و هەروەها باری دیمۆگرافی کوردستان بگۆڕدرێ و بە سیاسەتی تواندنەوە و راگواستن، کۆمەڵکوژییەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە. هەروەها پێکهاتەی سەرمایەداری و لایەنە سەلبیەکانی مۆدێرنیتە، کە ئامانجی سەرەکی بە دەر لە هەموو بەها ئەخلاقیەکان تەنیا بەرژەوەندی و سوودی ماددیە، بوو بە هۆی ئەوەی هەندی کەس و گرووپ و دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی ماددی خۆیان بازرگانی بە چەکی کۆمەڵکووژییەوە بکەن و لە ئاکام مرۆڤی بێتاوان ببنە قوربانی ئەو بازرگانانە.

کۆمەڵکووژی کوردەکانی باکوور بە دەستی رژێمی کەمالیستی تورکیا، کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت ، گووندەکانی بانە، مەریوان، زەردە و ناوچەی تر لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایان رژێمی بەعسییەوە، و بە دوای دا، کیمیابارانکردنی هەڵبجە بە مەودای کەمتر لە 9 مانگ، هەروەها پرۆسە و پرۆژەی ئەنفال، کە ئاستی ئەو تاوانانەی گەیاندە ترۆپکی خۆی، بێدەنگی دەوڵەتانی ناوچە و جیهان لەمەڕ کۆمەڵکووژی کوردەکان، دەمانگەیێنەتە ئەو ئاکامەی کە رەگ و ریشەی هۆکاری درووستبوون و خووڵقاندنی ئەو کارەساتانە لە بیر و عەقڵانیەتێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە نکۆڵی لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک دەکات، کووشتنی بە کۆمەڵی گرووپێکی کلتوری تایبەت پاکتاوی رەگەزییە، پاکتاوی رەگەزی لە بنەڕەت را لە عەقڵانیەتێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە دان بە بوونی ئەویترێک دانانێت کە هاوشێوەی خۆی نییە، ئەو روانگەی پێی وایە کە هەر گرووپێکی کلتوری تر دەبێ لەو بچێت و هەڵگری ناسێنەی ئەو بێت و لە پێناو

خواست و ئارمانەکانی ئەو دا بژیت و جیهان وەک ئەو ببینێت، ئەو روانگەیە هەوڵی ئاسیمیلە کردن و تواندنەوەی هەموو ئەو کەسانە دەدات کە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەت دا دەژین و لە رووی کلتورییەوە لەو جیاوازن، ئەو جۆرە رامان و بۆچوونە لە رژێمی بەعسی ئێراق دا نکۆڵی لە ناسێنەی کورد دەکرد، هەر بەو هۆیەشەوە کاتێک نەیتوانی ئەو خەڵکە لە ناو کلتوری خۆی دا بتوێنێتەوە و لە جینۆسایدی کلتوری دا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، هەوڵی دا لە رێگەی کۆمەڵکوژیەوە بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی رژێمی بەعسی ئێراق و کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت، گەورەترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم بوو، لەو کارەساتە دژە مرۆییە دا زیاتر لە سەدان کوردی بێتاوان و هاووڵاتی مەدەنی کووژران و هەزارانی تریش بریندار بوون، بە پێی ئامارە فەرمیەکان 8025 کەس(1)، و بە پێی ئامارە نافەرمیەکان 12000 کەس لەو کارەساتە دا بریندار بوون. ئاشکرایە کە بە پێی پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، بۆ نموونە پرۆتۆکۆلی 1025، چەکی کیمیایی و بایۆلۆجیکی لە جۆری چەکی قەدەغەکراو دێتە ئەژمار و بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پێشێلکردنی ئەو پەیماننامانەیە و بەرپرسیاریەتی نێونەتەوەیی بۆ بەکارهێنەرانی ئەو جۆرە چەکانە، بە دوا دایە. بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە کۆمەڵکووژانە لە شەڕ دا و بە تایبەت لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک و کووشتنی خەڵکی سیڤیل، پێشێلکردنی مافی مرۆڤدۆستانە و تاوانی دژە مرۆیی دێتە ئەژمار. ئەگەر چی هەندێک لە بکەرانی ئەو کارەساتە بە شێوەیەکی بژاردەیی دروانە دەست دادگەی عادلانە، بەڵام چەند خاڵێک سەبارەت بەو بابەتە جێگای سەرنجە: ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا کە سیاسەت و ستراتیژەکانی سەدەی رابردوو تا ڕادەیەکی زۆر بەتاڵ بۆتەوە و زۆربەی کۆمەڵکوژیەکانی ئەو سەردەمە وەکوو تراژیدیای جینۆساید، پێناسەی جەماوەری و نێونەتەوەیی بۆ دانراوە، هێشتا کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت بە فەرمی نەناسراوە. لە دوای تێپەڕبوونی 27 ساڵ بەسەر کیمیابارانی شاری سەردەشت دا تا ئێستاش هیچ کارێکی ئەوتۆ لە پێناو بەدواداچوونی مافناسانە بۆ دادگاییکردنی بکەرانی ئەو تاوانە دژە مرۆییە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی(نێونەتەوەیی) نەکراوە و هیچ هەنگاوێکی جیددی لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارە ماددی و مەعنەویانەی بەسەر خەڵکی ئەو

شاره هاتووه، هەڵنەهێنراوەتەوە، لە سەرووی هەمووی ئەوانەشەوە بێدەنگییەک لەمەڕ ئەوە کارەساتە هەیە و لە لایەن کاربەدەستان و بەرپرسانەوە بە شێوەیەکی گوومانناوی لەتەک ئەو کەیسە دا مامەڵە دەکرێ، ئەوەش ئەوەندەی تر زامی خەڵکی کوردی ئەو شارەی زیاتر و قووڵتر کردۆتەوە.

لە کاتێک دا 27 مین ساڵیادی کیمیابارانی سەردەشت دەکرێتەوە کە بەرپرسان و داموودەزگای حکومی بە چاودێریکردنی نائاسایی و گووشارخستنە سەر رێکخراوە مەدەنییەکان و خەڵکی بەرپرس و دڵسۆز، رێگای هەر جۆرە کۆڕیادێکی سەربەخۆ و چالاکییەکی مەدەنیانە لە خەڵکی ئەو شارەیان گرتووە و هەر جۆرە چالاکییەک بە لای خۆیان دا رادەکێشن و بە پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیان کارەساتەکە بۆ رووداوێکی نەخوازراوی شەڕی دوو وڵات کورتدەکەنەوە. هەروەها ئەو چالاکیانەی کە دەشکرێ و ئەو کۆڕیادانەی کە بەڕێوە دەچێ ئاراستەیەکی زانستیانە و ئاکادیمیانەیان نییە و بە خوێندنەوەی پەخشان و کردنەوەی پێشانگا کۆتاییان پێ دێت، ئەگەر چی یادکردنەوەی ئەو کارەساتە لەو کۆڕیادانە بە موزیک و پەخشان و هوونەر پێویستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە نیشان بدات، لەبەر ئەوە دەبێ شێوەی کارکردنی بۆ ئەم کەیسانە بە ئاراستەیەکی ئاکادیمیانە دا بڕاوت و لە مەڕ هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە توێژینەوە بکرێت و هەروەک چۆن هیرۆشیما و ئاوشویتس لە بیرەوەریی مێژووی جیهاندا جیگایەکی ئەوتۆیان بۆ تەرخاندراوە، دەبێت کۆمەڵکووژی و کیمیابارانکردنی کوردەکان لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها جیهاندا پێگەیەکی شیاوی بۆ دابین بکرێ.

بە رەچاوکردنی ئەو دید و بۆچوونە، چەند داواکاری و پێشنیاز بۆ رێکخراوەی ناحکومی و حکومییەکان:

1- وەگەڕخستنی فایلی کیمیابارانی سەردەشت لە دادگەیەکی شیاوی ئێراق و هەروەها وەگەڕخستنی لە دیوانی نێونەتەویی داد(ICJ) بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی خەسارە ماددی و مەعنەویەکانی خەڵک.

2- بە فەرمی ناساندنی ئەو کارەساتە وەک جینۆساید لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئێراق.

3- دامەزراندنی سەنتەرێکی زانستی بۆ توێژینەوە بە مەبەستی پەرەپێدان بە بۆچوونی زانستی و ئادکادیمیانە لە پەیوەندی لەتەک چەکی

کیمیایی و ئاکامە مەترسیدارەکانی بەکارهێنانی و هەروەها توێژینەوە لە لایەن و رەهەندی جۆراوجۆری ئەو کارەساتە لە بواری مافناسی، دەروونناسی، فەلسەفی و سیاسی و تاد

پەراوێزەکان:

1- فروتن ،سید عباس. جنگ شیمیای عراق و تجارت پزشکی آن, موسسی فرهنگی انتشاراتی تیمورزادە، نشر طیب، چاپ اول سال 1382، دانشگاه علوم پزشکی بقیە اللە، ص 184-- Conference on disarmament CD/827. Apr. 12, 1988